نزیکە دە هەزار پشووی فەرمیی لە هەرێمی کوردستان ڕاگیاندرا

فەرمانگەی میدیا و زانیاریی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند، لە ڕۆژی چوارشەممەی ئەم هەفتەی 25ـی 12ـی 2024، تاوەکو ڕۆژی پێنجشەممە 2ـی 1ـی 2025، لە سەرجەم دامودەزگاکانی هەرێمی کوردستان پشووی فەرمی دەبێت.

ئاماژەی بۆشکردووە، ڕۆژی یەکشەممە کە دەکاتە 5ـی 1ـی 2025، دەوامی فەرمی لە سەرجەم دامودەزگاکانی هەرێمی کوردستان دەستپێدەکاتەوە.

بەگوێرەی ڕاگەیەندراوەکەی حکومەتی هەرێم، تاوەکو 2ـی 1ـی 2025 پشووی فەرمییە، بەڵام بەهۆی ئەوەی ڕۆژانی 3 و 4ـی مانگ بڕی هەینی و شەممە دەکەون، کە ئەو دوو ڕۆژەش خەیان پشووی هەفتانەی دامودەزگاکانن، لە ڕۆژی ٥ی مانگەوە دەست بە دەوام دەکرێتەوە.